# پێشخەری وەک بنیاتی گێڕانەوە
# رۆمانی (سوارەکان بە قاچاخ بووکیان گواستەوە)ی
# کاروان عومەر کاکەسوور و دوارۆژ کاروان کاکەسوور بەنموونە

د. جەلال ئەنوەر سەعید
بەشی کوردی - فاکەڵتی پەروەردە - زانکۆی کۆیە
2015 – 2016

## پێشەکی

تەکنیکی پێشخەری، یەکێکە لە تەکنیکە گرنگەکانی کاتی گێڕانەوە، کە لەگەڵ تەکنیکی گەڕانەوەدا، (جیاییگەری زەمەنی – مفارقە زمنیە) لە رۆماندا پێکدەهێنن و رۆڵێکی بەرچاو لە تێکشانی کاتی گێڕانەوەدا دەبینن و رووداوەکان بە شێوەیەک تێکدەچرژێننە ناویەکەوە، کە خوێنەر بتوانێت چێژی لێ ببینێت. هەڵبژاردنی ئەم بابەتەش لێرەدا، لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە پێشخەری لە رۆمانی (سوارەکان بە قاچاخ بووکیان گواستەوە)دا، هەرتەنیا بە مەبەستی تێکشکاندنی کاتی گێڕانەوە بەکار نەهاتووە، بەڵکو وەکو بناغەیەک کە بنیاتی سەرەکی رۆمانەکەی لەسەر دروستبووە، بەکارهاتووە.

لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکەدا، رێبازی شیکاری – وەسفیمان پەیڕەوکردووە. باسەکەشمان بەسەر دوو بەشدا دابەشکردووە. لە بەشی یەکەمدا، سەرەتا لە دەسپێکێکدا باسی کات و گرنگی کات و هەروەها جۆرەکانی کاتمان لە رۆماندا کردووە. دواتریش هاتووینەتە سەر پێناسەی (پێشخەری) و گرنگیی ئەم تەکنیکە و جۆرەکانی لە رووی هاتنەدی و نەهاتنەدی، هەروەها جۆرەکانی لە رووی روودانیان لە رێڕەوی گێڕانەوەدا.

لە بەشی دووەمیشدا، سەرەتا پوختەیەکی رۆمانەکەمان خستووەتەڕوو. دواتر بە دووررودرێژی شوێن و هۆکار و چۆنیەتی بەکارهێنان و هاتنەدی پێشخەرییەکانمان لە رۆمانەکەدا شیکردووەتەوە.

لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەمان خستووەتەڕوو کە پێیگەیشتووین، دواتر لیستی سەرچاوەکان. پوختەی باسەکەشمان بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی نووسیوە.

## بەشی یەکەم

### -دەسپێک: گرنگی کات لە ڕۆماندا

لە ڕەخنەی ئەدەبیی نوێدا، کات چیتر بابەتێکی ئاسایی یان هەر تەنیا ڕەگەزێکی ڕۆمان نییە، بەڵکو بە "خودی ڕۆمان" (بورنوف و اوئیلیە، ١٩٩١: ١١٨) یان بە "جەوهەری ڕۆمان" (بن صفیة ، ٢٠١٣: ٢٢) دادەنرێت، چونکە هەر تەنیا ڕێگەیەک نییە بۆ خستنەڕووی ڕووداوەکان، بەڵکو دنیابینی و هەڵوێستی کارەکتەرەکانیش لە ئاست جیهاندا دەخاتەڕوو، کە ئەمیش زۆر جار بریتییە لە دنیابینی و هەڵویستی خودی نووسەر بەرانبەر بە جیهان. کەواتە، کات لە هەموو ڕەگەزەکانی تری ڕۆمان زیاتر پەیوەستە بە گێڕانەوەوە. لە کاتێکدا وەسف زیاتر (شوێن و پێکهاتەکان)ی لەخۆدەگرێت، ئەوا گێڕانەوە ڕووداوگەلێک پێشکەش دەکات کە پێکەوە لە (کات و شوێن) ڕوودەدەن (ئەگەرچی پەیوەندییەکە زیاتر لەگەڵ کاتدایە). واتە لە هیچ "کاتێکدا گێڕانەوە بە بێ کات دروست نابێت" (بحراوی، ١٩٩٠: ١١٧).

بە پێی قسەی خۆیان، فۆرمالیستە ڕووسەکان یەکەم کەسن کە لە چوارچێوەی تیۆری ئەدەبدا باسی بابەتی (کات)یان کردووە و هەندێ لایەنیشیان لەسەر هەندێ تێکستی گێڕانەوەدا پراکتیزەکردووە. ئەمەش لە کاتێکدایە کە تەنیا پشتیان بە سروشتی ڕووداوەکان نەبەستووە، بەڵکو ئەو پەیوەندییانەشیان لەبەرچاو گرتووە کە ڕووداوەکان و بەشەکانیشیان پێکەوە گرێدەدات (بحراوی، ١٩٩٠: ١٠٧). هەروەها بەلایانەوە ڕووداوەکان لە چیرۆکدا بە دوو ڕێگە پێشکەشدەکرێت: یان ئەوەتا بە شێوەیەکی زنجیرەیی و بەدوایەکداهاتوو دێن، ئەمەش بە پێی بنەمای هۆیەتیی و لۆجیکێکی تایبەتی. یانیش ئەوەتا دەستبەرداری ئەو زنجیرەیە دەبێت و هیچ لۆجیکێک لە خستنەڕووی ڕووداوەکاندا لەبەرچاو ناگرێت (بحراوی، ١٩٩٠: ١٠٧). بە پێی

ئـەم دوو ڕێگەیـە، لـە چیرۆکـدا دوو کاتمـان هەیـە: کـاتی چیـرۆک و کـاتی گێڕانەوە. کاتی چیرۆک، کە هەمیشە لە پێش کاتی گێڕانەوەدا دێت، واتـە هـەتا کاتی چیرۆک نەبێت کاتی گێڕانـەوەش نابێت، تایبەتـە بـە ڕێگـەی یەکـەم. کـاتی گێڕانەوەش تایبەتە بە ڕێگەی دووەم. دیارە کـە مـەرجیش نییـە کـاتی چیـرۆک و کاتی گێڕانەوە بە تەواویی وەکو یەک (متگابق) بن، چونکـە گێـڕەڕەوە بـوار و ئازادییـەکی زۆری لەبەردەمدایـە بـۆ ئـەوەی بـە ئـارەزووی خـۆی یـاری بـە کاتی چیرۆک و کاتی گێڕانەوە بکات، بە واتای ئەوەی کە بە ئـارەزووی خـۆی دەتوانێ پـاش و پـێش بـە ڕووداوەکـان بکـات. گێـڕەرەوە هەنـدێ جـار لـە ڕێـی تـەکنیکی گەڕانـەوە(Analepsis )ەوە لـە ئێسـتای گێڕانـەوە دەوەسـتێت و دەگەڕێتـەوە بـۆ ڕابـردوو و ڕووداوێکمـان بـۆ دێنێتـەوە بـۆ ئێسـتای گێڕانـەوە، هەنـدێ جـاریش بـە پێچەوانـەوە بـاز دەدات بـۆ ئاینـدە و ڕووداوێکـی پێشـوەختەمان بـۆ بـاس دەکـات، ئەمـەش لـە ڕێگـای تـەکنیکی پێشـخەری (Prolepsis)ەوە کە بابەتی توێژینەوەکەی ئێمەیە .

## -**پێشخەری**:Prolepsis

پێشخەری لە پرۆسـەی گێڕانـەوەدا، بریتییـە لـە باسکردنی ڕووداوێک بـەر لـە کاتی خۆی. لـە ڕەخنـەی کۆنـدا بـەم پرۆسـەیە دەوترێت (پێشـکەوتنی ڕووداو) (المرزوقی و شـاکر، ١٩٨٦: ٧٦). واتـە بـە پێچەوانـەی (گەڕانـەوە)وە گێـڕەرەوە لـە ئێسـتای گێڕانـەوەدا دەوەسـتێت و بـاز بەسـەر ڕووداوگـەل و مەودایـەکی زەمەنییدا دەدات و ڕووداوێک دێنێتـە پێشـەوە کە لـە ئایندەدا ڕوودەدات، یـان لەوانەشـە هـەر ڕوو نـەدات، دواتـر هـەر لەهـەمان ئـەو خاڵـەوە کـە وەسـتاوە درێژە بەگێڕانەوەکەی خۆی دەدات .

)جیـرار جینێـت)، پێیوایـە کـە تـەکنیکی پێشـخەری زیـاتر لەگـەڵ حیکایـەتێک دەگونجێـت کـە بـە جێنـاوی قسـەکەر (مـن) بگێڕدرێتـەوە وەک لەگـەڵ حیکایەتـەکانی تـردا، چونکـە ئـەم جـۆرە حیکایەتانـە خـاوەن مـۆرکێکی گەڕاندنـەوەی ئاشـکران کـە بـوار بـە گێـڕەرەوە دەدەن هەنـدێ ئامـاژە بـە ئاینـدەش بـدەن (جینێـت، ٢٠٠٠: ٧٦). (سـیزا قاسـم)یش جـەخت لەسـەر

بۆچوونەکەی (جینێت) دەکاتەوە و پێیوایە کە ژیاننامەی خودی یان ئەو چیرۆکانەی کە بە جێناوی قسەکەر (من) دەگێڕدرێنەوە تاکە چیرۆکن کە تیایدا گێڕەرەوە دەتوانێت پێشخەری ئەنجامبدات، لەم جۆرە چیرۆکانەدا گێڕەرەوە باس لە ژیانی خۆی دەکات کاتێک لە کۆتایی نزیکدەبێتەوە و دەشزانێت لە پێش و پاش ساتی سەرەتای چیرۆکەکە چی روویداوە، هەروەها دەتوانێت ئاماژە بە رووداوەکانی ئایندەدا بکات بەبێ ئەوەی زیان بە لۆجیکی دەقەکە و لۆجیکی زنجیرەی زەمەنیی بگەیەنێت (قاسم، ١٩٨٥: ٤٤). واتە لە زۆربەی حیکایەتەکاندا پێشخەری لە لایەن گێڕەرەوەیەک ئەنجامدەدرێت کە شوێنی لەناو چیرۆکەکەدا بێت و لە رووداوەکانیشدا بەشداربێت. بەڵام ئەمە هەموو کاتێک وا نییە، چونکە لەم دەقەدا کە نموونەی توێژینەوەکەی ئێمەیە، ئەگەرچی پێشخەرییەکان لە لایەن کەسێکەوە ئەنجامدەدرێن کە شوێنی لەناو چیرۆکەکەیە، بەڵام خودی گێڕانەوەکە لە هیچیاندا بە جێناوی قسەکەر پێشکەش ناکرێت، بەڵکو بە جێناوی کەسی سێیەم (ئەو) پێشکەش دەکرێن، بە تایبەتیش ئەو پێشخەرییانەی کە بنیاتی سەرەکیی گێڕانەوەکە پێکدەهێنن لە دەقەکەدا بە جێناوی کەسی دووەم (تۆ) پێشکەشدەکرێن .

یەکێک لە سیما دیارەکانی پێشخەری ئەوەیە کە ئەو زانیارییانەی پێشکەشیدەکات مەرج نییە بە دڵنیاییەوە رووبدەن، ئەمەش وا دەکات کە پێشخەریەکە وەک شێوەیەک لە شێوەکانی چاوەڕوانی دەربکەوێت. هەروەها (لێنتفلت)یش جیاکاریی لە نێوان ئەو پێشخەریانە دەکات کە ئەگەری روودان یان روونەدانیان هەیە لەگەڵ ئەو پێشخەریانەی ک بەدڵنیاییەوە روودەدەن (بحراوی، ١٩٩٠: ١٣٢ – ١٣٣). کەواتە بە پێی سروشتی ئەو ئەرکەی ئەنجامیدەدات، پێشخەری دوو شێوەی هەیە:

١. پێشخەری وەکو زەمینەخۆشکردن (تمهید)، لێرەدا ئەو رووداوەی لە پێشخەریدا دەخرێتەڕوو، لە شێوەی پێشبینیدا دەردەکەوێ، چونکە بۆی هەیە رووبدات یان لەوانەشە روونەدات .

٢. پێشـخەری وەکـو راگەیانـدن (اعـلان)، لێرەدا پێشـخەری ئـەرکی راگەیانـدن دەبینێت، کاتێـک زۆر بـە ئاشـکرا و دڵنیـا و راشـکاوانە باسـی ئـەو رووداوانـە دەکـــات کـــە لـــە ئاینـــدەدا روودەدات (بحـــراوی، ١٩٩٠: ١٣٧). کەواتـە لـە جـۆری یەکەمـدا، پێشـخەری تـەنیا لـە ئاینـدەدا مانـای خـۆی وەردەگرێـت، کاتێـک دەردەکـەوێ روودەدات یـان نـا. بـەڵام لـە لـە جـۆری دووەمدا هـەر لـە سـەرەتاوە خوێنـەر لـەوە دڵنیا دەبێت کـە پێشـخەریەکە لـە ئایندەدا روودەدات .

(جینێت) پێیوایە کە بە بەراورد بە تـەکنیکی (گەڕانـەوە)، تـەکنیکی پێشـخەری کەمتر بکاردێت، بە تایبەتیش لـە دەقـە گێڕانەوەییـە کلاسـیکییەکاندا، هـەرچەنـدە داستانە کۆنەکانی وەکو (ئەلیازە و ئۆدێسە و ئەنیادە) بە جۆرە پێشـخەرییەک دەسـتپێدەکەن کـە تـا رادەیـەک لـە بنـەمای (چنینـی قـەدەر)ی (تـۆدۆرۆف)ەوە یەکدەگرێتـەوە (جینیت، ٢٠٠٠: ٧٦). هـۆی ئـەم کـەمی بەکارهێنانـەش بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە لەگـەڵ بیرۆکـەی پەرۆشـی خوێنـەردا کـە بـە بڕبـڕەی دەقـی گێڕانەوەیی کلاسیکی دادەنرێت، ناگونجێت. ئەمـە بۆ دەقی کلاسـیک لەوانەیـە راسـت بێت، بـەڵام بـۆ چیرۆکـی نـوێ وا نییـە، چونکـە نووسـەر یـا گێڕەرەوە دەتـوانن بـە شـێوەیەکی هونـەری وا بـەکاری بهێنن کـە خوێنـەر زیـاتر زیـاتر پەرۆش بکەن بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەکان تا ئەو لوغزەیان بۆ ئاشکرا بێت و لـە هـەمان کاتیشـدا حـەز بـەوە نەکـەن کـە لـە کۆتـایی چیرۆکەکـە نزیـک ببنـەوە، ئەمەش یەکێکە لە تایبەتییەکانی چیرۆکی نوێ و سەرکەوتوو .

جۆرەکانی پێشخەری بەلای جینێتەوە هەروەکو جۆرەکانی گەڕانـەوە نییـە کـە بریتییە لە سێ جۆر (ناوەکیی ، دەرەکیی ، تێکـەڵ)، بـەڵکو تـەنیا جـۆری یەکـەم و دووەمـی هەیـە (البـاتول، ٢٠٠٩: ٧٦). بـەڵام (ڤێبریـال ڤـۆردۆ) پێیوایـە کـە پێشـخەریش هـەروەکو گەڕانـەوە بـۆ پێشـخەری (نـاوەکیی، دەرەکیـی، تێکـەڵ) دابەشـدەبێت. لـەم بارەیـەوە دەڵێت:"سـەبارەت بـە گێڕانـەوەی بنچینـەیی (خـاڵی

سفر)، دەکرێت یەکەم پێشگر و پاشگر [1] ناوەکیی، دەرەکیی یان تێکەڵ بن. پێشخەری دەرەکیی خاڵی سەرەتا و کۆتایی هەیە کە گێڕانەوەی زەمەنیی بنچینەیی تێدەپەڕێنن، خاڵی کەوتن و گەیشتنی هەیە بەڵام گێڕانەوەی یەکەم تێناپەڕێنن، واتە دەکەونە ناو خاڵی سفرەوە. هەرچی پێشخەری تێکەڵە ئەوا خاڵی کەوتنی هەیە لەناو گێڕانەوەی سەرەتا و خاڵی گەیتنیشی هەیە کە دەکەوێتە دەرەوەی گێڕانەوەی سەرەتایی واتە خاڵی سفر تێدەپەڕێنێت" (الباتول، ٢٠٠٩: ٧٧). ئەم هێڵکارییەی خوارەوە بۆچوونەکانی ڤێبریال ڤۆردۆ ڕووندەکاتەوە کە دواتر چەمکی هەر یەکەیان دەخەینەڕوو (الباتول، ٢٠٠٩: ٧٤).

**ڕیزبەندیی و جۆرەکانی پێشخەری:**

1 . **پێشخەری ناوەکی :**

بریتییە لە ڕاگرتنی ڕێچکەی ڕووداوەکان لە خاڵێکدا و ئاماژەکردن بە هەندێ ڕووداوی تر کە لە ئایندەدا ڕوودەدات، بەڵام ئەم ڕووداوانە هەر لەناو سنووری کاتی ڕۆماندا دەمێننەوە، بێ ئەوەی ئەو سنوورە تێپەڕێنێت .
هەروەک گەڕانەوەی ناوەکی، پێشخەری ناوەکیش هەمان تێکەڵکردن و چوونەناویەکی ڕووداوەکان دەخاتەڕوو. واتە تێکەڵکردنی حیکایەتی یەکەم و ئەو حیکایەتەی کە لە ڕێگەی پێشخەرییەوە پێشکەشدەکرێت (جینیت، ٢٠٠٠: ٧٩). پێشخەری ناوەکی لە هەردوو جۆرەکەی تری پێشخەری زیاتر بەکاردێت .

2 . پێشخەری دەرەکی:

لە پێشخەری دەرەکییدا، ئەو ڕووداوانەی کە پێشوەختە ئاماژەیان پێدەکرێت دەکەونە دەرەوەی سنووری کاتی ڕۆمانەوە و جۆرێک لە کرانەوە بە دەقیش دەبەخشن، بە تایبەتیش ئەگەر گێڕەرەوە هاتنەدی و نەهاتنە دی

---

[1]) پێشگر و پاشگر لێرەدا وەرگێڕانی هەردوو زاراوەی (السابقة و اللاحقة) کە ڤێربال ڤۆردۆر بەکاریهێناون،

مەبەستیش لێیان ئاشکرایە (پێشخەری و گەڕانەوە)یە. توێژەر

پێشـــخەرییەکە وەکـو ئەگـەرێک بـۆ خوێنـەر جێبهێڵێـت. لـە پێناسـەکردنی پێشخەری دەرەکییدا، (عبد العالي بوطيب) دەڵێت:" بریتییە لە پێشخەرییەکی ئایندەیی لە دەرەوەی سنووری زەمەنیی حیکایەتی یەکەم و لە نزیک زەمەنی گێڕانەوە یان نووسیندا، بەبێ ئەوەی ئەم دوو زەمەنە بە یەک بگەن" (الباتول، ٢٠٠٩: ٨٢). بە پێچەوانەی پێشخەری ناوەکی، پێشخەری دەرەکی زۆر کەمتر بەکاردێت .

3. پێشخەری تێکەڵ:

هـەروەکو گەڕانـەوەی تێکـەڵ، پێشـخەری تێکـەڵ بریتییـە لـە تێکـەڵکردن یـان لێکدانی هـەردوو جـۆری پێشـخەری (نـاوەکی و دەرەکـی). هـەروەها وەکـو گەڕانەوەی تێکەڵیش، بە بەراورد بە هەردوو جۆرەکەی تر لە گێڕانـەوەدا زۆر کـەمتر بـەکاردێت، ئەمـەش لـە راسـتیدا بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە بنیاتنـانی لێهاتووییەکی زۆری دەوێ لە لایەن نووسەر یان گێڕەرەوە.




ریزبەندیی

جۆرەکانی پێشخەریی

**بەشی دووەم**

**-پوختەیەکی رۆمانی سوارەکان بە قاچاخ بووکیان گواستەوە**

رۆمانی سوارەکان بە قاچاخ بووکیان گواستەوە، باسی مێژوویەکی دیاریکراوی کۆمەڵگای کوردی دەکات، کە دەکەوێتە نێوان سالانی (١٩٧٦ – ١٩٨١). بەڵام زۆربەی زۆری رووداوەکان دەکەونە نێوان سالانی (١٩٧٦ – ١٩٧٨). کارەکتەری سەرەکی رۆمانەکە (سەنگەری برایم تەنتریۆفە). سەنگەر زۆر منالّ بووە کە برایم تەنتریۆفی باوکی لە شۆڕشی ئەیلوول پێشمەرگە بووە و رۆژێک بە قاچاخ دێتەوە ناو شار و (عوبێد پۆخچی) ناوێک زمانی لێ دەدات، بەڵام ژنێکی دراوسێیان پێی دەزانێت و ئاگاداریدەکاتەوە کە بەزووترین کات ماڵەوە جێبهێڵێت. ئەویش خێرا لەماڵەوە دەردەچێت بەڵام جاش و سەرباز لە گۆمەکەی پشت ماڵی خۆیان دەگەنە سەری و شەهیدی دەکەن. دلارامی دایکیشی شوو بە فەرهاد دۆستی دەکات کە پوورزای خۆیەتی و دوو کچی لێ دەبێت و لە گەڕەکێکی خۆش و ژیانێکی خۆش دەژین. سەنگەریش هەتیو دەکەوێت و هەر لەگەڕەکە هەژارنشینەکەی خۆیان نەنکی بە باڵندە فرۆشتن بەخێوی دەکات و خۆیشی واز لە قوتابخانە دێنێت و کوڕێکی لاسار و شەڕانی دەردەچێت و بەردەوام بە چەقۆ خەڵکی رووتدەکاتەوە و ماوەیەک بەو برە پارە کەمەی لە خەڵکی دەستێنێت دەژی. سەنگەر تەمەنی چواردە سالانە و هەموو هیوا و ئاواتی ئەوەیە کە تەمەنی بگات بە شانزە سالّی و ببێت بە پێشمەرگە. بەڵام کە دەگاتە ئەو تەمەنە، هەموو رووداوەکان پێچەوانەی حەز و ئاواتی ئەم دەکەونەوە. چونکە کە بۆ یەکەم دوای سالانێکی زۆر دایکی خۆی دەبینێتەوە و دەزانێت دوو خوشکیشی هەن، هەرچەندە دایکی زۆر تکای لێدەکات کە لەگەڵیاندا بمێنێتەوە و خوێندنەکەی تەواوبکات، بەڵام ئەو کە کوڕی گەڕەکێکی میللییە تاقەتی ئەو ژیانەی نابێت و دێتەوە لای نەنکی خۆی. جا دایکی پرسیاری سەنگەر لە شێرۆی نانەوا دەکات، شێرۆی نانەواش کە بە مێبازێکی بێ وێنە ناوبانگی رۆیشتووە، رۆژێک بە سەنگەر دەڵێت بۆچی دلارام پرسیاری تۆم لێدەکات؟ ئیتر سەنگەر لێرەوە نەهامەتییەکانی دەستپێدەکات، چونکە تەواو دڵی پیس

دەبێت و دڵنیایە کە شێرۆ پەیوەندی سێکسی لەگەڵ دایکیدا هەیە (بێ ئاگا لەوەی کە شێرۆ برای دلارام و خاڵی خۆیەتی و لە ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناو شار کاردەکەن)، بۆیە شەوێک درەنگ چەقۆ هەڵدەگرێت و دەچێتە بەردەم ماڵی شێرۆ کە بەسەرخۆشی دێتەوە، دەیداتە بەرچۆقۆ، شێرۆ نامرێ بەڵام بۆ هەتا هەتا لەسەر عەرەبانە دادەنیشێت. دواتر ترسی ئەوەی هەیە کە زانیبێتیان ئەم لێیداوە هەمیشە لە ڕاڕاییدا دەژی و هەموو دەوروبەری گومانی لێدەکەن و هاوڕێکانیشی لێ دوور دەکەونەوە و ناویشی وەک سیخوڕێکی مەترسیداری بەعس دەگاتە شۆڕش و هەموو ئەو ڕووداوانەی پێشتریش کە بەسەر ئەندامە نهێنییەکانی ناو شارهاتووە وەکو ئاشکرابوونی شانەکەی فەرهاد دۆستی خۆکوشتنی بە ژەهر بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەست پیاوانی ڕژێم و دواتر گیرانی دایکی خۆی و کوژرانی ژیانی مەلا مەلاریا لە لایەن باوک براکانی خۆیەوە دەخەنە ئەستۆی ئەمەوە و بڕیاری گرتنی بە زیندوویی یان لەناوبردنی دەدرێت. بۆیە لیژنەیەکی ئیغتیالاتی چوار کەسی لە شاخەوە دادەبەزنە ناو شار بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە. بەڵام سەنگەر وەک بڵێی هەستی بەو مەترسییە کردبێت، بەیانییەکی زوو بەر لە خۆر هەڵاتن و کەمتر لە سەعاتێک لە گەیشتنی لیژنەکەی شاخ سەری خۆی هەڵدەگرێت بۆ کەرکووک و دواتر دوای بیست و یەک ڕۆژ دەکەوێتە دەست شۆڕش و لە ئەنجامی ئەشکەنجەدان هەردوو چاوی لە دەست دەدات. هەموو ئەو ڕووداوانە هەتا دەستگیرکردنی لە لایەن شۆڕشەوە دەکەونە نێوان (١٩٧٦ – ١٩٧٨)، بەڵام ئاشکرابوونی لەدەستدانی چاوەکان سەنگەر بۆ خوێنەر لە ساڵی ١٩٨١ دەبێت، واتە بازدانێکی زەمەنیی زۆر هەیە کە دواتر سەنگەر خۆی لە زیندان زۆر سەرپێییانە ئاماژە بە ڕووداوە گرنگ و خێراکانی ئەو ماوەیە دەکات .

**-پێشخەری لە ڕۆمانی سوارەکان بە قاچاخ بووکیان گواستەوە**

دیارە وەکو هەر ڕۆمانێکی تر، ئەم ڕۆمانەش خاڵیی نییە لە تەکنیکی پێشخەری ئەگەرچی ژمارەشی زۆر نییە، بەڵام ئەوەی مەبەستی ئێمەیە لێرەدا ئەوەیە کە تەواوی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە لەسەر چوار پێشخەری

سەرەکی بنیاتنراون کە لە بەشی یەکەمی رۆمانەکەدا هاتوون. ئەو چوار پێشخەرییەش لەو جۆرەی پێشخەرین کە وەکو راگەیاندن دەردەکەون، واتە هەر چوار پێشخەرییەکە دواتر دێنەدی. هەروەها هەر چوار پێشخەرییەکەش لە رووی کاتەوە، دەکەونە ناو کاتی رۆمانەوە، واتە پێشخەری ناوەکین . ئەم رۆمانە لە هەشت بەش پێکهاتووە. هەرچەندە سەرەتای بەشەکان بە ژمارە دەستنیشان نەکراون، بەڵام کۆتایی هەر بەشێک بە چوار ئەستێرە کۆتایی هاتووە و دەست بە گێڕانەوەی بەشەکانی دواتر کراوە .

لە بەشی یەکەمدا، کە کوتترین بەشە لە رووی ژمارەی لاپەڕەوە، بەڵام قورسایی هەموو هەموو رۆمانەکەشی لەخۆگرتووە، چونکە لەم بەشەدا هەر چوار ئەو پێشخەرییەی تێدایە کە رۆمانەکەی لەسەر بنیاتنراوە و دەبن بە هۆکارێک کە خوێنەر بە پەرۆشەوە بە دوای رووداوەکاندا بڕوات و بزانێت ئاخۆ ئەو پێشخەرییانە بەڕاستی دێنەدی؟

لەم بەشەدا کە گێڕەرەوە بە جێناوی کەسی دووەم (تۆ) قسە دەکات، رووی قسەی لە گەنجێکە کە ناسنامەیەکی روون و ئاشکرای نییە، ناوی ، تەمەنی، پیشەی. .. هتد دیار نییە، ئەوەندە هەیە کە کوڕێکی گەنجە و خەڵکی گەڕەکە دەوڵەمەندنشینەکانە. بەیانییەکی زوو بەر لە خۆرکەوتن هاتووەتە گەڕەکێکی میللی بەو مەبەستەی خۆشەویستەکەی ببینێت و نامەیەکی ئەوینداری پێ بدات، بەڵام لە پڕ دەستی کوڕێکی هەرزەکار (سەنگەری برایم تەنتریۆف) یەخەی دەگرێت و چەقۆ دەخاتە سەر سینگی بۆ ئەوەی هەرچی پارەوپووڵی هەیە لێیبەرێت. ئەویش خەمی هیچی نییە چونکە تەنیا یەک دیناری پێیە، بەڵام ترسی ئەوەی هەیە کە ئەو نامەیەی گیرفانی ئاشکرابێت، چونکە بە بۆچوونی ئەو گەنجە نەناسراوە، خەڵکی ئەم گەڕەکە میللییانە هەموو خزم و کەسوکاری یەکترن و لەوە دەترسێت کە خۆشەویستەکەی خزم یان تەنانەت خوشکی ئەم کوڕە چەقۆ وەشێنەبێت. بۆیە بۆ ئەوەی خۆی لەو کێشە سەختە رزگاربکات بیرۆکەیەکی بە خەیاڵدا دێت و یەکسەر جێبەجێشی دەکات و خۆی لە دەست سەنگەر رزگاردەکات. بیرۆکەکەیشی ئەوەیە کە خۆی وەک غەیبزانێک بە سەنگەر دەناسێنێت و بە لایەوە سەیرە کە (ئەو)ێک، واتە

سەنگەر خاوەنی دنیایەک پارە و پووڵ بێت و بە گژ غەیبزانێکی وەک (ئەم)دا دەچێت. دیارە تاڕادەیەکی زۆر متمانەی سەنگەر بەدەستدێنێت، بەوەی کە جزدانەکەی پێدەدات و نامەکەشی تێدایە، بەڵام بە فێڵێک وا دەکات کە سەنگەر نامەکە نەکاتەوە چونکە بە زمانێک نووسراوە تەنیا خۆی لێی تێدەگات و ئەگەر بیکاتەوە ئەوا نەخشەی شتەکان تێکدەچن و ئەو چارەنووسە رووناکەی چاوەڕوانیەتی دەگۆڕێت. سەنگەریش باوەڕدەکات و نامەکە ناکاتەوە، تەنیا ئەو دینارە دەبات کە پێیەتی و دواتر پێی دەڵێت ئەگەر غەیبزانیت چی لەبارەی ئایندە و چارەنووسی من دەزانی؟ ئەویش پێشبینی چوار شتی بۆ دەکات، ئێمە لێرەدا بۆ ئەوەی ئەو چوار پێشبینییە کە لە راستییدا وەکو پێشخەری خراونەتەڕوو، دەستنیشانبکەین، ناچارین تەواوی ئەو دیمەنە گفتوگۆییە بنووسینەوە کە ئەگەرچی کەمێکیش درێژە کە لە نێوان ئەو گەنجە غەیبزانە و سەنگەردا روودەدات:

**-دەتوانم بڵێم بۆی چوویت.. . من پێت دەڵێم تۆ ئەمڕۆ. بەڵێ. هەر ئەمڕۆ بەم بەیانییە سەفەری شارێک دەکەیت.** (کاکەسوور و کاکەسوور، ٢٠١١: ٣٣)

هەڵبەت کە سەنگەر بڕوای پێناکات، چونکە تەنیا ئەو دینارەی پێیە کە هەر ئێستا بە زەبری چەقۆ لە خۆی سەندووە، ئەو دینارەش بەشی سەفەری شارێکی تر ناکات، لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵیدا بەردەوام دەبێت:

**-سەفەر بێ پارە دەکرێت.. . ؟!**

**-ئاخر ئەو سەفەرەی تۆ جیاوازە.. . پارەت لێ وەرناگرن.. .** (کاکەسوور و کاکەسوور، ٢٠١١: ٣٤)

دیارە کە سەنگەر بڕوا بەمەش ناکات بەڵام دیسان بۆ ئەوەی بگات بەشتێکی بەسوود لەگەڵ ئەو گەنجە غەیبزانە بەردەوامدەبێت:

**-دەی باشە. ئەوا وتمان پارەم لێ ناسێنن.. . ئەی لەو رێگایە چی دەخۆم.. . ؟! چۆن لە برسا نامرم.. . ؟**

**-لە چێشتخانەیەک لادەدەیت و ژەمێکی باش دەخۆیت .**

**-کێ پارەکە دەدات.. . ؟**

**-پارەی چی.. . ؟! تۆ پارەت دراوە.** (کاکەسوور و کاکەسوور، ٢٠١١: ٣٤)

سەنگەر ئەمجا دەپرسێت:

**-ئەوا پارەی خواردنەکەیشم درا.. . با بڵێین جنۆکەکانی تۆ بۆیان دام.. . ئەی پێم ناڵێی بۆ لای کێ.. . ؟!**

**-دەچیتە لای دەستگیرانەکەت.** (کاکەسوور و کاکەسوور، ٢٠١١: ٣٤)

سەنگەر لێرەدا ئیتر جرتێکی بۆ دەکێشێت و دواتر بە تەوسێکەوە دەڵێت:

**-راست دەکەیت.. . هەر لە گەراژ دادەبەزم. ئەو لە باوەشم دەگرێت و ئەملا و ئـــــــــــــەولام مـــــــــــــــاچ دەکــــــــــــــــات .**

**-بـەم ئاسـانییەش نییـە وەک تـۆ دەیڵێیت. بـەڵام کاتێک دەتبینێت پێت شاگەشکە دەبێت.. . دەتوانم بڵێم خۆشترین کاتی ژیانی هەردووکتانە .**

**هەر بە تەوسەوە پێت دەڵێت:**

**-ماچیشم دەکات.. . وانییە.. . ؟!**

**-ماچت دەکات.. . ؟! ئەدی چۆن.. . !! دەستگیرانت نییە.. . ؟! ماچت دەکات و دەشتگرێتە باوەشی.. . بەڵام ئەگەر زۆر بە کوڵ دەگری و فرمێسک بە بەسەر شانتدا دەبارێنێت ئەوا تەنیا لە خۆشییانە.. . بۆ ئەوەی تەواویش دڵنیا بیت کە ئەمـە فرمێسکی خۆشـییە، دەتـوانی یـەک دوو دڵۆپی لـێ بخۆیتەوە چونکە فرمێسکی شادی پێچەوانەی فرمێسکی خەفەت، کە تاڵە، ئەو شیرینە.** (کاکەسوور و کاکەسوور، ٢٠١١: ٣٥)

دواجـار سـەنگەر پرسـیاری ئـەو شـارەی لـێ دەکـات کـە بـۆی دەچێت، بـەڵام غەیبزانەکە ئەوە بۆ سەنگەر خۆی بەجێدەهێڵێت، بـەڵام ئـەبێ شـارێک بێت خۆشی بوێت، هەروەها پێیدەڵێت نـابێ ئـەو دینـارەش خـەرج بکـات کـە لێی سـەندووە. ئیتـر سـەنگەر بـە حەپەسـانەوە غەیبزانەکـە جێـدەهێڵێت و بـۆ دواجار ئاورێک دەداتەوە پێیدەڵێت:

-وا نەزانی منت بە قسەکانت خەڵەتاندووە، بەڵام مـن لەبـەر شـتێک وازم لـێ هێنای کە تۆ زەحمەتە هەر لێی تێبگەیت. (کاکەسوور و کاکەسـوور، ٢٠١١: ٣٦(

دوای ئـەو جیابوونەوەیـە، ئیتـر رۆڵـی ئـەو گەنجـە غەیبزانـە تـەواودەبێت و تـا کۆتایی رۆمانەکەش بە هیچ شێوەیەک دەرناکەوێتەوە .

کەواتـە ئـەو چـوار پێشـبینییەی گەنجـە غەیبزانەکـە بـۆ سـەنگەری کـردووە بریتیین لە:

1 . سەفەرکردن بۆ شارێکی دوور .
2 . پارەی سەفەرەکەی دەدرێت .
3 . پارەی خواردنەکەی لە رێگای سەفەر دەدرێت .
4. دەچێت بۆ لای دەستگیرانەکەی و ئەویش باوەشی پێدادەکات و تەنانەت ماچیشی دەکات .

بەڵام ئەو قسەیەی سەنگەر کە لە کۆتایی دیمەنەکە بە گەنجە غەیبزانەکەی دەڵێت، بە قەد هەر چوار پێشبینییەکە خوێنەر پەرۆشدەکات و دەیخاتە چاوەڕوانییەوە، بۆ ئەوەی بزانێت کە ئەو هۆکارە چییە کە سەنگەر وازی لێی هێنا و تاڕادەیەکیش بەڕوای بە قسەکانی کرد . ئێستاش بەر لەوەی بێینە سەر چۆنیەتی هاتنەدی ئەم پێشخەرییانە، پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە رووداوەکانی بەشی یەکەم کە تیایدا گەنجە غەیبزانەکە ئەم پێشبینییانەی بۆ سەنگەر کردووە، لە رووی زنجیرەوە وەکو ئەنجامێکن بۆ کۆمەڵێک رووداوی گەورە و ئاڵۆز کە وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کردووە لە رێگای بیرهاتنەوە و هێنانە پێشچاوی سەنگەرەوە پێشکەشمان دەکرێت. بەڵام لە گێڕانەوەدا کاروان و دوارۆژ پێشیانخستوون و وایانکردووە کە تێکستەکە هەرچەندە لەسەر ئەم پێشخەرییانە بنیاتنراوە بەڵام زیاتر ئاوڕدانەوە و گەڕانەوەیە بۆ رابردوو .

سەبارەت بە بەوەدیهاتنی پێشبینی یەکەم و دووەم، کە سەفەری سەنگەر و درانی پارەکەیەتی، لە سەرەتای بەشی دووەمدا کە درێژترین بەشی رۆمانەکەیە و گێڕەوە بە جێناوی کەسی سێیەم (ئەو) قسە دەکات. دەبینین سەنگەر لە گەراژدا وەستاوە و لە دۆخێکی دەروونی خراپ و نالەباردایە، دوودڵە لەوەی سەفەر بکات یان نا؟ بەچی سەفەر بکات؟ خۆ ئەم تەنیا ئەو دینارەی پێیە کە لە غەیبزانەکەی سەندووە و بە قسەی غەیبزانەکەش بێت نابێ سەرفی بکات. کەواتە هیچ پێ نییە. ئەی بۆ کوێ سەفەر بکات؟ چونکە غەیبزانەکە هەڵبژاردنی شوێنەکەی بۆ خۆی جێهێشتووە بەو مەرجەی شوێنێک بێت خۆشی بوێت. بۆیە ئەمیش بڕیاردەدات بۆ کەرکووک سەفەر بکات، چونکە ئەگەرچی بۆ جارێکیش لە ژیانیدا کەرکووکی نەبینیوە بەڵام خۆشیدەوێت، چونکە بیستوویەتی کە

کـاتی خـۆی خــەڵکی کــەرکووک باوکیــان لــە مــردن رزگــارکردووە و پاراســتوویانە و دواتــر چاکیــان کردۆتــەوە و گەیاندوویانەتــەوە شــاخ، ئەگەرنا بـە برینداری دەکەوتـە دەست بەعسییەکان و لاشـەکەیان بـەدوای ئۆتۆمبێـدا رادەکێشـا. هـەر لەبـەر ئەمـەش چەنـدین جـار داوای لـە نـەنکی کردووە کە بە یەکجاری بچن لە کەرکووک بژین. ئیتر دوای ئەوەی بڕیار لەسەر کەرکووک دەدات بە دوودڵییەکی زۆرەوە سواری ئەو پاسە دەبێت کە شاگردەکە پڕ بە گەرووی هاواری (کەرکووک.. . کەرکووک) دەکات. تـا ئـەم سـاتەش چەنـدین رووداوی پێشـتری بیردێتـەوە و دێنـە بـەرچاوی، وەکـو/ بـارودۆی نـەنکی دوای ئـەوەی کـە ئـەم ئێـوارە ئیتـر ناگەڕێتـەوە، هەروەها سەرزەنشتکردنە بەردەوامەکانی فەرەیدونی یوسف پایسکیلچی هاوڕێی لەوەی کە چۆن کوڕێکی ئازای وەک سەنگەر ئەوەندە حیساب بۆ نەنکێکی پیر دەکات، لە هەمووشی گرنگتر تارمایی ئاکۆی کوکوختییە کە بەر لـە سـواربوونی پاسـەکە و هـەتا کۆتـایی سـەفەرەکەشی لـە کـەرکووک لەبەرچاوی ون نابێت، کە چۆن دوو پێشمەرگە لە چاوترووکانێکدا و لەناو جەرگەی بازاڕدا بە سزای شۆڕشی دەگەیەنن. :".. . **حـەزدەکات یـەکێ لـە کورسییەکانی لای پێشەوەی دەست بکەوێت، بەڵام هەموویان گیراون.. . دەڕوات دەڕوات تا لای دواوە جێگایەک دەگرێت و لەسەری دادەنیشێت.. . ژنێک تەمەنی نزیکەی پەنجا ساڵ دەبێت.. . تەنوورەکی رەش و کراسێکی پڕتـەقاڵی پۆشـیوە.. . ئـەوەتا دەگاتـە لای ئـەم.. . بـەدەم بزەیەکـەوە لێـی دەڕوانێت و جانتاکە لە شانی دادەگرێت.. . دەست بۆ شوێنە بەتاڵەکـەی تەنیشتی ئەم درێژ دەکات و پێی دەڵێت:**

**-ناتوانی تۆ بێیتە ئێرە لای جامەکە بۆ من چۆڵ بکەیت.. . ؟! چونکە .. .. .. نازانێت بۆ قسەکەی دەبڕێت.. . ((چونکە.. .. .. چی؟!)) ئایـا لای جامەکـە خۆشترە، یان زانیویەتی ئەم پارەی پێ نییە و ئێستا بەشەق دادیدەگرنە خوارەوە.. . ؟! هەر خێرا هەڵدەستێت و شـوێنەکەی بـۆ چـۆڵ دەکـات.. . پاسەکە دەکەوێتە گەڕ.. . سەرەتا بە قەراغی شار و دواییش بەو دەشتە گەرمەدا تێدەپەڕێت.. .** " (کاکەسوور و کاکەسوور، ٢٠١١: ٤٥ – ٤٦)

لێرەدا یەکەم پێشخەری روودەدات، کە تایبەتە بـە سـەفەرەکەی سـەنگەرەوە. هەڵبەت هاتنەدی ئـەم پێشـخەرییە راستەوخۆ پەیوەنـدی بـە پێشـبینییەکەی

گەنجە غەیبزانەکەوە نییە، بەڵکو وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆکرد، سەنگەر ناچاربووە سەری خۆی هەڵبگرێت، چونکە دوای ئەوەی شێرۆی نانەوا لە ئەنجامی هەڵە تێگەیشتنێکەوە دەداتە بەر چەقۆ، ناوی وەکو سیخوڕ گەیشتووە بە شۆڕش و لەناو شاریش هەموو هاوڕێکانی پەیوەندییان لەگەڵدا پچڕاندووە، بۆیە هیچ ڕێگە و دەرفەتێک لە بەردەمیدا نەماوە جگە لە سەرهەڵگرتن. هەر لەبەر ئەوەشە کە بە گەنجە غەیبزانەکە دەڵێت :".. . **بەڵام من لەبەر شتێک وازم لێ هێنای کە تۆ زەحمەتە هەر لێی تێبگەیت.** " (کاکەسوور و کاکەسوور، ٢٠١١: ٣٦). دواتر هەر لەگەڵ بەڕێکەوتنی پاسەکە شاگردەکە دەست بە کۆکردنەوەی کرێیەکە لە نەفەرەکان دەکات، ئەمەش ئەوەندەی تر سەنگەر تووشی نیگەرانیی دەکات، بە تایبەتی کاتێک دەبینێت :" **پیاوێک لەسەر یەکێک لە کوشینەکانی ناوەڕاست دانیشتووە.. . چاویلکەیەکی ئەستووری لە چاودایە.. . جارجار ئاوڕێک دەداتەوە و لەم دەڕوانێت.. . ئیتر سەنگەر هێندەی تر شپرزەدەبێت ئێستا سەنگەر چووزانێت بۆچی ئەم پیاوە ئاوا بە گومانەوە لێی رادەمێنێت.. . لەوەش خراپتر شتێک دەچپێنێتە گوێچکەی شاگردەکە و ئاماژەیەک بۆ ئەم دەکات.. . سەنگەر تەواو پەرێشان دەبێت.. . رەنگی مردوو لەسەر رووی دەنیشێت.. . بەحاڵ گوێی لە دەنگی شاگردەکەیە، کە ئەوەتا پارە لە ژنەکەی تەنیشتی وەردەگرێت.. . سەری دەخاتە سەر کوشینەکەی بەردەمی و لە هۆش خۆی دەچێت.**

**راستییەکەی پیاوەکە سەنگەر بە کەسێکی دی تێگەیشتووە.. . تەواویش دڵنیا نییە، ئاخۆ ئەوە یان بە هەڵەدا چووە.. . زستانی رابردوو بە مەبەستی نەشتەرگەریی چاوی چەپی هاتە لای (دکتۆر شێرکۆ خانەقینی).. . لە گەڕانەوەداپارەکەی، کە لە جانتای کچەکەیدا دەبێت، دوو سەربازی هاوردە دەیدزن.. . کوڕێک، کە ئێستا ئەو وا دەزانێت (سەنگەر)ی لە مەڕ خۆمانە، قاپووتێکی درێژی پۆشیوە و کڵاوێکی خوری لەسەر کردووە.. . کڵاوەکە بێجگە لەسەر و ملی، نیوەی دەموچاویشی داپۆشیوە.. . ئەو کرێی پاسەکەیان بۆ دەدات.. . وا ئەمیش ئێستا پارەکەی بۆ ئەو دا، جا ئەگەر ئەو بێت یان نا.. . چاوەڕێیە دوایی لە کاتی دابەزیندا بێتە لای.. . ئەوسا دەردەکەوێت.. . هەردەبێت قسەیەکی لەگەڵدا بکات.** " (کاکەسوور و

کاکەسوور، ٢٠١١: ٤٧). کەواتە ئەو پیاوە چاویلکە لە چاوە سەنگەر بە کەسێکی تر تێگەیشتووە. ئاشکراشە کە کاروان و دوارۆژ ئەم رووداوەیان تەنیا وەکو فێڵێک دروستکردووە بۆ ئەوەی پێشبینی دووەمی غەیبزانەکە بێتنەدی و حیکایەتەکە بەردەوامبێت. بۆیە کاتێک سەنگەر بەئاگادێتەوە، هەر وا دەزانێت ژنەکەی تەنیشتی پارەکەی بۆ داوە و حەزی نەکردووە لە خەو بە ئاگای بێنێتەوە، ئەمیش بە نیازە پارەکەی بداتەوە، بەڵام بە چی؟ خۆ ئەو دینارەی پێیەتی نابێت سەرفی بکات. لە پڕ ژنەکە پێیدەڵێت :**"دیارە دەیناسیت، بۆیە پارەکەی بۆ دایت.. . ؟!"** (کاکەسوور و کاکەسوور، ٢٠١١: ٤٨). ئەمجا تێدەگات کە ئەوە ژنەکە نییە پارەی بۆ داوە، بەڵام بەلاشییەوە گرنگ نییە کە کێ پارەکەی بۆ داوە بەقەد ئەوەی کە ئەوە قۆناغی یەکەمی بڕی و سەفەرەکەی کردووە و پارەکەشی بۆ دراوە و تووشی کێشەش نەهاتووە. ئەمجا هەست بە برسێتییەکی زۆر دەکات و خەمی ئەوەی دەبێت کە ئایا دەکرێ کەسێکیش پارەی نان خواردنەکەی بدات و سێیەم پێشبینی غەیبزانەکە بەڕاست وەرگەڕێت؟ ئیتر بەم ترس و دڵەڕاوکێییەوە خەیاڵی دەگەڕێتەوە بۆ رابردوو و لە رێی ئەم خەیالانەوە زۆر رووداوی رۆمانەکەمان پێشکەش دەکات، وەکو ژیانی قوتابخانەی و وازهێنانی لە خوێندن و پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێکانیدا. هەروەها هەڵهاتنی شاسوار لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانی بۆ شاخ و کە چۆن ئەم سەتڵێک ماستاوی ساردی بەرانبەر بە گوجیلەیەک پێداون بە بێ ئەوەی بزانێت کە ئەوە شاسوار بووە و جێگای خەڵکی هەموو شار و دێهات بووە. ئەمجا تیشک دەداتە سەر ژیانی (دڵخوازی) دراوسێیان کە لەگەڵ ماڵی مامی دەژی، چونکە لە ساڵی ١٩٦٣دا هەموو کەسوکارەکەی لە لایەن پیاوانی رژێمی ئەو سەردەمەوە کوژراون و ئەمیش بە رێکەوت لە ماڵی مامی دەبێت و رزگاری دەبێت و بە یەکجاریش لە ماڵی ئەوان دەمێنێتەوە، دڵخواز چەند ساڵێک لە سەنگەر گەورەترە و سەنگەریش زۆری حەز لێ ئەکات بەڵام ناتوانێت پێی بڵێت کە خۆشی دەوێت، هەتا رۆژێک بۆی دەردەکەوێت کە دڵخواز پەیوەندی لەگەڵ کوڕێکدا هەیە و کوڕەکەش دەبێت بە پێشمەرگە و دواتر کۆمەڵێک ئەیپ سوار دێن بە قاچاخ دڵخواز بە بووکی دەبەن بۆ شاخ، دیارە ئەم

رووداوه ناونیشـانی رۆمانەکـەی پێکهێنـاوه، بـەڵام بـە بـڕوای ئێمـە وەک ناونیشـانێک زۆر گونجـاو نییـە، چونکـە ئـەم رووداوه رووداوێکـی زۆر ئاسـاییە بـە بـەراورد بـە زۆر رووداوی تـری نـاو رۆمانەکـە. هـەروەها بینینـەوەی دایکـی و خوشـکەکانی و هـەوڵی کوشـتنی شـێرۆی نانـەوا بـە هەڵـە، دواتـر بـۆی دەردەکـەوێت کـە شـێرۆی نانـەواش شاسـواریی بـووە. هـەروەها دەرچـوونی شـەماڵی مـەلا مـەلاریا بـۆ شـاخ و هـاتنی (ژیـان)ی خوشکی شـەماڵ بۆ ماڵی ئەمان کە لەدەستی باوکی رادەکات و لەسـەر داوای شەماڵ پەنای دەدەن، بەڵام دواتـر باوکی و براکانی دەیدۆزنـەوە و دێن لە ناو کۆڵانەکە بەر گوللەی دەدەن و بە چەقۆش ورگی هەڵدەدڕن. ئەمجا ئاشکرابوونی فەرهاد دۆستی باوەپیارەیی و خۆکوشتنی بە ژەهر بۆ ئەوەی بە ساغی نەکەوێتە دەستی پیاوانی رژێم و سـەرگەردانبوونی دلارامـی دایکـی و خوشـکەکانی کـە دووبـارە دێنـەوە لای ئـەمان و لـە خانووەکەی ماڵی مامی دڵخواز دەژین و دوای ماوەیەک دایکی و سیستەر سـوعادیش کـە پـوورزای دایکییـەتی، ئاشـکرا دەبـن کـە شاسـوارین و لـە رێکخسـتنە نهێنییەکان کاردەکەن، دەگیـرێن. دیـارە لـە کـاتی بیرهاتنـەوە و هاتنـە پێشـچاوی ئـەم رووداوانـەی رابـردوو، مـاوە مـاوە گێـڕەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئێستای گێڕانەوە و باسێکی خێرای ناو پاسـەکە دەکات و خوێنـەر لـە رێـڕەوی پاسـەکە ئاگـادار دەکاتـەوە. کەواتـە، ئـەم رۆمانـە هەرچەنـدە لەسـەر پێشـخەری بنیـاتنراوە، زۆربـەی زۆری رووداوەکـان گەڕانـەوەن بـۆ رابـردوو، کـە کارەکتـەری سـەرەکی رۆمانەکـە (سـەنگەری بـرایم تـەنتریۆف) لـە رێگـەی تەکنیکـەکانی بیرهاتنـەوە و هاتنەپێشـچاو پێشکەشـمانی دەکـات. بـەم شـێوەیەش هـەردوو زاراوەی (گەڕانـەوە و پێشخەری) لێرەدا جیاییگەری زەمەنی (مفارقەی زمانی) لەم رۆمانـەدا بـە تـەواوی پێکـدەهێنن. گەڕانـەوەکان، زۆر رووداوی گرنـگ و پێویسـت پێشکەش بە خوێنەر دەکات، پێشخەرییەکانیش، پەرۆشیدەکەن و بۆ زانین و دڵنیابوون لە هاتنـەدی و نەهاتنـەدی پێشبینییەکان. ئەمـەش تایبەتمەنـدی ئەو رۆمانانەیە کە ناچنە ژێر رکێفی گێڕانـەوەی زنجیرەییەوە، بەڵکو ئەو زنجیرەیە تێکدەشکێنن و رووداوەکـان دەچڕژێنە نـاو یەکترییـەوە. (بلعابد، ٢٠١٣: ١٥٥ – ١٥٦)

بۆ وەدیهاتنی پێشبینی سێیەم کە بریتییە لە نان خواردنی سەنگەر و درانی پارەکەی، ئەوا کاروان و دوارۆژ، بەشی سێیەمی رۆمانەکەیان بۆ تەرخانکردووە کە بە جێناوی کەسی یەکەم (من) دەگێڕدرێتەوە. (من) لێرەدا ئەو ژنەیە کە هەر لە گەراجەوە لە تەنیشت سەنگەر دانیشتووە، وێڕای کۆمەڵێک خەم و موعاناتی خۆی، دیمەنی پەشۆکاو و شپرزەی سەنگەر سەرنجی رادەکێشێت و تەواوی ماوەی سەفەرەکە بەچەندین شێوە و بیانوو هەوڵدەدات بیدوێنێت بەڵام سەنگەر تەنیا پچڕپچڕ وەڵامی یەک دوو پرسیاری دەداتەوە. لێرەدا گێڕەوە باسی ئەوە دەکات کە لە کاتی لادانیان لە چێشتخانەیەکی سەر رێگا بۆ پشوودان و نان خواردن، نەفەرەکان هەموو مقۆمقۆیان تێدەکەوێت و شپرزەدەبن، چونکە ئەوە دیسان (حەمێش) کە رێگر و چەتەیەکی عەرەبە، خۆی و پیاوەکانی هاتوونەتەوە سەر رێگا بۆ رووتکردنەوەی نەفەرەکان. نەفەرەکانیش ئەوەی پارە یان شتێکی گرانبەهای پێیە خێرا دەیدەن بەو نەفەرە عەرەبانەی ناو پاسەکە تا بۆیان هەڵگرن و زۆرجاریش ئەو نەفەرانە بۆیان نەگەڕاندۆتەوە. ئیتر یەک یەک هەموو نەفەرەکان دادەگرن و دەیانپشکنن و هەرچییان پێیە لێیان دەسێنن، لەم کاتەدا، سەنگەر شێرانە و لە ناکاودا خۆی هەڵدەداتە سەر (حەمێش) و هەموو گیانی خەڵتانی خوێن دەکات و پیاوەکانی حەمێشیش کە دەبینن ئەوە سەرگەورەکەیان رووخاوە خۆیان رزگار دەکەن و رادەکەن، دوای ئەوەی نەفەرەکان پارەکانی خۆیان لێ دەستێننەوە. ئیتر هەموو نەفەرەکان سوپاسی سەنگەر دەکەن و دەچن بۆ نان خواردن، سەنگەریش بە ترس و شەرمێکەوە لەبەردەم چێشتخانەکە دەوەستێت، شاگردێکی چێشتخانەکە دەستی دەگرێت و دەیباتە ژوورەوە. گێڕەرەوە بەردەوام چاودێریدەکات، شاگردێکی تر مریشکی برژاو و برنج و شلە و هەموو شتێکی تری بۆ دادەنێت، ئەویش زۆر بە پەلە هەموو خواردنەکە هەڵدەلووشێت. دیارە ژنەی گێڕەرەوە لە خەمی ئەوەدایە کە ئاخۆ چەندی پارە لێ دەستێنن، هەربۆیە بە پەلە خۆی دەگەیەنێتە نزیک مێزەکە و چاوەڕێدەکات، بەڵام دەبینێت:

**"پیاوێکی باڵا بەرزی سەر ماش و برنج پێنج دیناری دەرهێنا.. . بۆ ئەو گەنجە رەشپۆشەی پشت مێزەکەی درێژ کرد، کە سیمایەکی توورەی هەبوو و بە فیزەوە لەگەڵ خەڵک دەدوا.. . پێی وت:**

**-ئەمە هی خۆم و ئەو کوڕەی ، کەوا لەوێ دانیشتووە .**

**هاوکات بە پەنجەی دۆشاومژەی ئاماژەی بە کوڕە هەرزەکارەکە کرد، کە پشتی لەوان بوو و ئەوسا بە پێوە پەرداخ لەسەر پەرداخ ماستاوی دەخواردەوە.. . بەڵام کوڕە لووتبەرزەکە پێی وت:**

**-پارەی دراوە .**

**پیاوەکە هەر ماوەی پێنج دینارەکەی وەرگرتەوە و رۆیشت.. . ئەوەی تەنیشتی لێی پرسی:**

**-کوا.. . ؟! کێ پارەی ئەوی داوە...؟!**

**-دراوە.. . تۆ هەقی ئەوەت چییە.. . ؟!دەتەوێ یەکێ پۆرتی حەمێشی شکاندبێت، من بهێڵم خەڵک پارەی بۆ بدەن...؟!** (کاکەسوور و کاکەسوور، ٢٠١١: ١٤٥ – ١٤٥)

کەواتە لێرەدا پێشخەری سێیەمیش دێتەدی، بە ئارەزووی خۆی و تێروپڕ نان دەخوات و پارەی خواردنەکەشی دەدرێت. وەک دەبینین سەنگەر هیچ بەلایەوە گرنگ نییە کە کێ پارەکەی بۆ داوە، چونکە هەنگاو هەنگاو لە ڕاستیی و دروستیی قسەکانی گەنجە غەیبزانەکە نزیک دەبێتەوە و زیاتر ئومێد پەیدادەکات، هەر بۆیە بۆ ئەوەی بگات بە دەستگیرانەکەی کەچوارەم و دواهەمین پێشخەرییە، باشترین هەلی کار لە ژیانیدا، هەر هیچ نەبێت لەو تەمەندا بەلاوە دەنێت و رەتیدەکاتەوە کاتێک خاوەن چێشتخانەکە دوای پرسینی ناوەکەی داوای لێ دەکات لە لایان بمێنێتەوە و تەنیا لەسەر مێزی دەخیلەکە دابنیشێت و هیچ نەکات، تەنیا بۆ ئەوەی لە غەدر و دەستدرێژییەکانی حەمێش و پیاوەکانی بیانپارێزێت:

**-ناوێکی ئاوات زۆر لێ دێت.. . بۆ نایەیت لێرە ئیش بکەیت.. . ئیشیش نا، بەڵکو تەنیا لەسەر ئەم کورسییە دادەنیشیت.. . هەر کاتێ ئەو چەتانە هاتن پارەمان لێ بستێنن، تۆ پارێزگاریمان لێ بکە .**

**(سەنگەری برایم تەنتریۆف) لە کاتێکدا دەستەکانی لەملا و لەولاوە خستبووە گیرفانی پەنتۆڵۆنی کاوبۆیەکەیەوە و بە جووڵەیەکی سەرنجڕاکێش بۆ سەرووی کەمەری هەڵیدەبڕی، وتی:**

**-ئەوەی تۆ گوتت، لەگەڕەکی ئێمە ئەوەندە شەرمە، نەبێتەوە .**

**-چۆن وا دەڵێی.. . ؟! ئێمە وەک خاوەنی ئەم چێشتخانەیە حیسابت بۆ دەکەین.. . پارەیەکی وا وەردەگریت، کەم کەس وەریگرتبێت.. . جێگای حەوانەوەشت بۆ دابین دەکەین .**

**(سەنگەری برایم تەنتریۆف) لە کاتێکدا دەستەکانی خستبووە سکی و دەشێلا، وتی:**

**-ئەمن هەر دەبێ بڕۆم .**

**-هەر دەبێت بڕۆیت.. . !! وەک بڵێی کەسێک لەسەر ئاگری تەندوور چاوەڕێت بکات .**

**-بەڵێ، دەستگیرانەکەم چاوەڕێمە.** (کاکەسوور و کاکەسوور، ٢٠١١: ١٤٧)

لێرەدا خوێنەر هەستدەکات سەنگەر بە تەواوی بڕوای بەوە هێناوە کە دەستگیرانەکەی چاوەڕێیدەکات، بە تایبەتی ئەمە سێیەم پێشبینییە کە دێتەدی، بۆیە بە متمانەیەکی زۆرەوە پێشنیاز و داوای خاوەن چێشتخانەکە ڕەتدەکاتەوە و پێیدەڵێت کە هەر دەبێت بڕوات چونکە دەستگیرانەکەی چاوەڕێیدەکات. بەڵام کە سواری پاسەکە دەبێتەوە و دەکەوێتەڕێ، ئەم بەشە کۆتایی دێت و لە بەشی دواتردا کە گێڕەرەوە بە جێناوی کەسی دووەم قسە دەکات و ڕووی دەمی لە سەنگەرە، ئەوەمان پێشاندەدات کە دووبارە شپرزەیی یەخەی سەنگەر دەگرێتەوە، چونکە لەگەڵ ئەوەی ئەم پێشبینییانە هاتوونەتەدی بەڵام هێشتا ئەنجامەکەی ماوە و دڵنیا نییە کە ئایا دێتەدی یان نا؟ چونکە سەرکەوتنی هەموو کارێک بە لایەوە بەندە بە ئەنجامەکەیەوە. ئەوەشی شپرزەییەکەی زیاتر دەکات، ئەو خوێنەی (حەمێش)ە کە لەسەر جلەکانی ماوەتەوە، ئیتر دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ رابردوو، تیشک دەخاتەوە سەر پەیوەندی خۆی و فەرەیدونی یوسف پایسکیلچی بۆچوونی لەبارەی (ئایدیۆلۆجیا)وە کە مرۆڤ وەکو میوە بۆگەندەکات، هەروەها بیروباوەڕی نازیلای ئینگلیز

لەبارەی هەندێک سروشتی مرۆیی خەڵکی هەولێر و سلێمانی، دواتر تیشک دەخاتە سەر ژیانی ئاسۆی نیگارکێشی هاورێی و هێرۆخانی دایکی. لە کۆتاییشدا باسی ئەوە دەکات کە چۆن هەموو خەڵک و هاورێکانیشی گومانی بەعسیبوونی لێدەکەن و پەیوەندی لەگەڵدا دەپسێنن. لە بەشی دواتریشدا کە بەشێکی زۆر کورتە گێرەرەوە بە جێناوی من قسە دەکات، بەڵام دیار نییە کێیە، ئەوە نەبێت کە یەکێکە لەو چوار کەسەی لیژنەی ئیغتیالات و لە شاخەوە هاتوونەتە ناو شار بۆ لەناوبردنی سەنگەر و ئاشکراشە سەنگەریان بۆ ناگیرێت، چونکە وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد کەمتر لە سەعاتێک بەر لە گەیشتنی ئەمان، سەنگەر ماڵ بەجێدەهێڵێت. بەڵام هەموو کەلوپەلێکی تایبەت بە سەنگەر لە ماڵەکەدا دەپێچنەوە و لەگەڵ خۆیانی دەبەن. بەشی دواتریش هەر تەواوکەری ئەم بەشەیە، بەڵام گێرەرەوە سەرەتا بە جێناوی کەسی سێیەم (ئەو) قسە دەکات و بازدانێکی زەمەنی زۆر بەسەر رووداوەکاندا دەدات کە مەوداکەی بیست و یەک رۆژە. دیارە ئەو چوار کەسەی لیژنەی ئیغتیالات ئەو ماوەیە هەمووی لە ماڵی سەنگەر ماونەتەوە بەو هیوای کە سەنگەر بێتەوە و دەستگیربیکەن یان بیکوژن، بەڵام دیارە کە بێ ئومێد بوونە و بە نیازن ئەوێ جێبهێڵن و بگەرێنەوە بۆ شوێنی خۆیان. دواتر گێرەوە دەگۆرێت و بە جێناوی کەسی دووەم (تۆ) قسە دەکات و رووی دەمی لە دایە مامزە و تیشک دەخاتە سەر ئەو رۆژە کە بەیانی زوو لە خەو هەستاوە و بینیویەتی سەنگەر بە بێ ئەوەی وەک هەمیشە نوێنەکانی خۆی پێچابێتەوە، دیار نەماوە و ئەمیش وێرای خەوسووکییەکەی هەستی پێنەکردووە کە کەی لە ماڵ دەرچووە، هەر لەبەر ئەمە شپرزە دەبێت و دڵی خەبەر دەدات کە شتێکی خراپ روودەدات .

سەبارەت بە پێشبینی چوارەمی گەنجە غەیبزانەکە، کە گەیشتنی سەنگەرە بە خۆشەویستەکەی و لە هەمان کاتدا چاوەروانی خۆشەویستەکەیەتی بۆ سەنگەر، هەردوو بەشی کۆتایی رۆمانەکەی بۆ تەرخانکراوە، کە بەشی حەوتەم و هەشتەمە. بەڵام لێرەدا کاروان و دوارۆژ داهێنانێکی جوانیانکردووە، ئەویش ئەوەیە کە پێشبینییەکە هەرچەندە خۆی وەکو پێشخەری لە سەرتای رۆمانەکەدا باسدەکرێت، بەڵام لێرەدا رووداوی بە

یەکگیشتنی سەنگەر و (خۆشەویستەکەی) پاشخراوە بۆ کۆتایی رۆمانەکە و رووداوەکانی دوای ئەو بە یەکگەیشتنە پێشخراوە و تێکچڕژانێکی جوانی لە رووداوەکاندا کردووە، بە شێوەیەک ئەگەر خوێنەر زۆر بە وردییەوە نەیخوێنێتەوە لەناو رووداوەکاندا ون دەبێت. بۆیە لێرەدا ئێمەش سەرەتا باسی بەشی حەوتەمی رۆمانەکە دەکەین .

لەم بەشەدا، گێڕەرەوە خودی سەنگەر خۆیەتی و بە جێناوی کەسی یەکەم (من) قسە دەکات. بەڵام لە کوێ قسە دەکات؟ ئاخۆ کەی قسە دەکات؟ لە چ حاڵێکدایە و چی دەڵێت؟

لێرەدا گێڕەرەوە لە زیندانەوە قسە دەکات، سەنگەر کەوتۆتە دەستی شۆڕش و لە شاخدا زیندانە. بەڵام بە هیچ شێوەیەک باسی ئەوە ناکات کەی و چۆن و لە کوێ گیراوە و چۆن گەیشتۆتە زیندانی شاخ، چونکە (کاروان و دوارۆژ) بازیان بەسەر ماوەی (دوو سێ ساڵ) داوە و خۆیان لە باسکردنی رووداوە ورد و درشتەکانی ئەو ماوەیە بواردووە. واتە کاتی رۆمان و کاتی گێڕانەوە لە ئێستادا ساڵی (١٩٨١)ە. سەنگەر باسی حاڵی خۆی دەکات لە زیندان، لە ئەنجامی ئازردان و ئەشکەنجەدان بینایی لەدەستداوە، بەندیوانەکەی (هامانی ناریێ مامان)ە کە لە شاریشدا خۆی بە هاوڕێی سەنگەر زانیوە و پێیشی سەرسام بووە، بەڵام سەنگەر بەهیچ شێوەیەک حەزی پێی نەبووە و تەنانەت جارێکیان لە چاخانە و بە بەرچاوی خەڵکەوە تێهەڵدانێکی باشی تێهەڵدەدات، چونکە کەسێکی بوودەڵە و دەروون نزمە، کەسێکی بێ دەستەڵات و چاوی لە ئیشوکار نەبووە، بەوە دەژیا کە بە ناوی کچێکی پوورزایەوە نامەی دڵداری بۆ خاوەن کتێبخانەکان دەنووسی و لەگەڵ وێنەیەکی پوورزاکەی لەناو کۆمەڵێک کتێبی بێ نرخی سەرۆکی حیزب و وڵات دایدەنا و بۆ کتێبخانەکانی دەبرد، ئەوانیش سەرەتا لێیان نەدەکڕی، بەڵام کە چاویان بە نامە و وێنەکە دەکەوت پارەیەکی باشیان بە کتێبەکان دەدا. کەچی ئێستا هامانی ناریێ مامان لە شاخە و پاسەوانی ئەو زیندانەیە کە سەنگەری تێدا دەستبەسەرە. لێرەدا سەنگەر هەندێک رووداوی گرنگی ئەو ماوەیە لە هامانەوە دەبیستێت و ئاماژەیان پێدەدات، وەکو ئەو ململانێ سەختەی نێوان باڵە سیاسییەکانی شاخ و لەناوبردنی ئەو تێکۆشەرانەی کە ڕای

جیاوازیان هەبووە، لەوانە هاوڕێکانی خۆی لەناو شار (ئاسۆی نیگارکێش، شـەماڵی مـەلا مـەلاریا، ئـەفکاری سیسـتەر سـوعاد، ئـەردەلانی وەسـتا راسـتان) کـە ماوەیـەک لـە ژوورەکـەی تەنیشـتی خـۆی بەنـد بوونـە و (فەرەیـدوونی یوسـف پایسـکیلچی) هاوڕێیـان لەگـەڵ ئـەوەی بێژەرێکـی لێهاتووی ئێستگەی شۆڕش بووە و چەندین جار هەوڵیداوە رزگاریانبکات بەڵام هەوڵەکانی بێهوودە بووە و لە کۆتاییشدا کراون بە خۆراکی داڵاش و سیسـارکە کەچەڵـەکان.. دیـارە بـە قسـەی هامـانی نـاریێ مامـان، ئـەم شـێوازی لەناوبردنـەیان پێشـتر بـۆ دڵخـوازیش بـەکارهێناوە. بـەڵام رووداوێک کە خودی خوێنەریش تووشی شۆک دەبن ئەوەیە کە هامانی ناریێ مامان بۆ ئەوەی قەناعەت بە سەنگەر بکات کوێری مانای ئەوە نییە ئیتر ئینسـان رووداوی گـەورە نـەبینێت یان هەسـتی پێـەکات، لـە بـەردەم سـەنگەر بـە چـەقۆ ورگـی خـۆی هەڵـدەدرێت. ئەمـە هـەر دەربڕینـی خۆشەویستیی خۆیەتی بۆ سەنگەر کە لە شاریشدا هەیبوو بەرامبەری، لە لایەکی تریشەوە وەک سەنگەر خۆی دەڵێت بۆ ئەوەیە کە ئەمە دواهەمین وێنە و رووداوی گەورەبێت کە بۆ هەتا هەتایە لەبەرچاو و لە زەینی مندا بمێنێتـەوە، هەڵبـەت ئەمـەش دۆ دروسـتکردنی ناسـنامەیەکە بـۆ خـۆی کـە هەمیشـە هامـان هەسـتی بـە نـەبوونی کـردووە. لـە کۆتـایی ئـەم بەشـەدا کاروان و دوارۆژ گەمەیەکی تریان کردووە کە خوێنەر چێژێکی زۆری لێ دەبینێت. ئـەویش ئەوەیە کـە هـەموو رووداوەکانی چەند سـاڵی پێشـتر لـە ئەنجامی گەڕانـەوە و هاتنەپێشـچاوی سـەنگەربووە لـە نـاو پاسـەکە بـەرەو کـەرکووک، بـەڵام ئێسـتا دوای سـێ سـاڵ و لـە زینداندا، سـەنگەر دوای ئەوەی هامان لە بەردەمییدا خۆی دەکوژێت، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رۆژەی سـەری خـۆی بـەرەو کـەرکووک هـەڵگرتووە و ئـەوەمان پێشـان دەدات کـە ئـەوە گەیشـتوونەتە کـەرکووک :"**دیمەنـەکان ئاسـایی نایەنـە بـەرچاو.. . پاسەکە لە رەنگی کوکوختی دەچێت و سیمای نەفەرەکان ئاسایی نین.. . هەرچی بێت سەرکەوتن لە دابەزین کەمتر پەشێوی و نیگەرانیی پێوەیە.. . گێژ و سەرسام، بە جلی خوێناوییەوە سەرێک بۆ ئەملا دەچیت و بۆ ناو گەراژەکە دەگەڕێیتەوە.. . ئەگەرچی دنیا رووناکە، بەڵام نازانی نیوەڕۆیە یان ئێوارەیە.. . ئەو ژنەش هەر بە دواتەوەیە.. . ئەوسا پێی وتی ئەگەر**

**لێرە کەست نییە، دەتوانی لەگەڵ ئەودا بچیت، بەڵام وات دەرخست گوێت لـێ نـەبووە.. . هێشـتا دەتـەوێت خـۆت بخەڵـەتێنیت.. . چـاو بـۆ دەستگیرانەکەت دەگێڕیت، بەشکو لەپڕ پەیدا بێت و باوەشت پێدا بکات.. . بـەڵام ئێـرە کەرکوکـە.. تـەنیا بینینـی روخسـاری بەسـە، هـەتا تـەواوی هونەرەکانی سیحر و پێشبینی و خوێندنـەوەی ناولـەپ و خوێندنـەوەی بەخت و خوێندنەوەی غەیب و هەموو خوێندنەوەکانی دیکەت لەلا بەتاڵ ببێتەوە.. .** " (کاکەسوور و کاکەسوور، ٢٠١١: ٢٠٥ – ٢٠٦). دیارە لە دوا بەشی رۆمانەکەدا دەردەکەوێ کە سەنگەر لەگەڵ ئەو ژنەدا دەچێتەوە بۆ ماڵ و موفاجەئەکەش لێرەدایە .

دوابەشـی رۆمانەکـە، زیـاتر بـە جێنـاوی کەسـی بەکـەم (مـن) دەگێڕدرێتـەوە، هەنـدێ جـاریش دەبێـت بـە (ئـەو). جێنـاوی (مـن) لێـرەدا (ئەرخـەوان)ە، کـە کچی ئەو ژنەیە لەناو پاسەکە لە تەنیشـا سـەگەردا دانیشـتووە و دواتـریش سەنگەر بۆ ماڵی خۆیان دێنێتەوە. جێناوی (ئەو)یش مەبەست لە سـەنگەرە. (ئەرخەوان) و دایکی بە تەنیا لە کەرکووکن و بە تـەنیا دەژیـن، برایەکیشـی هەیـە نـاوی (دلێـرە) بـەڵام ئەرخـەوان خـۆی تـەنیا یـەکجاریش نـەیبینیوە، چونکـە دایکـی و بـاوکی جیابوونەتـەوە براکـەی لـە هـەولێر لەگـەڵ باوکیـدا دەژی. لە ئێوارییەکی چلەی هاوینی ساڵی (١٩٧٨) دایکی ئەرخـەوان دەچێـت بـۆ هـەولێر، چونکـە مێردەکـەی بـەڵێنی پێداوە کـە بـواری بـدات کوڕەکـەی ببینێت و لەگـەڵ خۆشـیدا بیباتـەوە بـۆ کـەرکووک تـاکو لەگـەڵ ئەرخـەوانی خوشکیشی یەکتر ببینن، بەڵام دیارە وەک هەمیشـە درۆی لەگـەڵ کردووە و نایەڵێت بیبینێت و بە دەستی بەتاڵـەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ کـەرکووک. لـەناو پاسـەکەدا لە تەنیشتی سـەنگەر دادەنیشـێت و کـە دەگەنـەوە بـۆ کـەرکووک تێـدەگات کـە ئـەو هـەرزەکارە کەسـی لـە کـەرکووک نییـە، لەگـەڵ خۆیـدا دەیباتـــەوە بـــۆ مـــاڵ. دیـــارە لـــەم بەشەشـــدا کـــاروان و دوارۆژ فێڵێکـــی داهێنەرانەیان کردووە و چێژێکی زۆریان بە خوێنەر بەخشیوە. ئەم بەشـە لـە گێڕانـەوەدا دواهـەمین بەشـە، بـەڵام لـە زنجیـرەی رووداوەکانـدا بەشـی پێش کۆتاییە و پاشخراوە. ئەمە لە لایەک، لـە لایـەکی تریشـەوە، گێڕەرەوە دوای ئەوە تیشکێک دەخاتە سەر رابردووی ژیانی خێزانی خۆیـان، ئینجـا دێت باسی ئەو بیست و یەک رۆژە دەکات سەنگەر لە ماڵیان ماوەتەوە. لە

کۆتـایی بەشــەکەدا وەکـو گەڕانەوەیــەک باسـی یەکــەم بینینـی خـۆی و سەنگەر دەکات کاتێک لەگەڵ دایکیدا دێنەوە بۆ ماڵ. لەو ئێوارەیەدا کە دایکی ئەرخەوان دەگاتەوە بۆ ماڵ و لە زەنگی دەرگا دەدات، (ئەرخـەوان) لـە حـەمام دەبێت و دەزانێت ئـەوە دایکییـەتی، زۆر بـە پەلـە، تەنانـەت بـە تـەواوی خۆشـی وشـک ناکاتـەوە، رۆبێـک لەبـەردەکات و هـەتا دەرگـای حەوشـە رادەکـات و چەنـدین جـاریش دەخلیسـکێت، تەنانـەت رۆبەکـەی دەکرێتەوە و گوێی پێنادات یان ئاگای لەخۆی نییە. ئەم دۆخە دەروونییەی ئەرخەوان بۆ هاتنـەوەی دایکی نییە، بەڵکو زۆر بە پەرۆشـە و لـە خـەمی ئەوەدایـە کـە ئـەمجارەیان بـاوکی راسـتی کردبێت و دلێـری بـرای لەگـەڵ دایکیدا ناردبێتەوە و بە دیداری شادبێتەوە. کە دەرگا دەکاتـەوە و دەبینێت گەنجێک لەگەڵ دایکییەتی، ئیتر لـە خۆشـیدا نـە دەتوانێت زووکەیـەک بکات یان بە هەلهەلەیـەک خۆشـی خۆی دەرببڕێت، تـەنیا بـاوەش بـەو گەنجـەدا دەکـات کـە بـە خـەیاڵی خـۆی دلێـری برایـەتی، سـەری دەنێـت بـە سـینە رووتەکەیەوە و تێر تێر ماچی دەکات و بۆنی سـەر و قژی دەکات. لێرەدا ئـــەم رووداوە بـــۆ ســـەنگەر بـــەدیهاتنی دواهـــەمین پێشـــبینی گەنجـــە غەیبزانەکەیـە و ئـەوەتا وا کچێکی جـوان باوەشـی پێدا دەکـات و تێر تێر ماچی دەکات و لە خۆشیشدا هەر دەگری. بەڵام دیارە بەلای ئەرخەوان بە هەڵە تێگەیشتووە و پێیوایە کە ئەمە دلێری برایـەتی. دایکی بـە پەلـە پاڵیـان پێـوە دەنێـت بـۆ ژوورەوە و ئەرخـەوانیش دەبـات بـۆ حـەمام تـا خـۆی بگۆڕێت. و سـەنگەریش لـە شـەرمانا دێتـە نـاو حەوشـەکە دەوەستێت. لـە حەمام دایکی ئەرخەوان بە ئەرخەوان دەڵێت:

–تۆ بۆ ئاوا دەکەیت.. . ؟! باوکت دیسان درۆی لەگەڵدا کردم.. . رازی نـەبوو براکـەت لەگەڵمـدا بێتـەوە.. . هـەر نەیهێشـت بشـیبینم.. . ئەوەنـدە نـەبێت لـە زمـانی خەسـووەکەیەوە زانـیم ئێسـتا دلێـری بـرات بۆتـە گـەنجێکی قـۆز و باوکت نیازی وایە بینێرێتە کۆلێژی سەربازی.. . ئا، ئەمـە ئـەو شتەبوو کـە من لێی دەترسام.. . دڵم دەڵێت نایبینینەوە .

هیوا دەخوازم ئەو شەرمەزارییە لـەناو ئـەم حەمامـە بمتوێنێتـەوە، یان چاوانم کوێر بکات، نەوەکا ئیتر کەس ببینم، کەچی هێشتا ئەوەندەم ئاگا لـە خۆیـە بپرسم:

–ئەی ئەوە کێیە تۆ لەگەڵ خۆتتدا هێناوەتەوە.. . ؟!

–کوڕێکە و لە ڕێگا لەگەڵم بوو.. . ئەگەر بڵێم هیچی لەبارەیەوە دەزانم درۆ دەکەم .

– ...................؟!

– ...................

– ...............................................؟!

–..........................................................

– .....................................................؟!

.....................................................................................................................................

.....................................................................................................................................

.....................................................................................................................................

..............(کاکەسوور و کاکەسوور، ٢٠١١: ٢١٦ – ٢١٧)

دیارە کە وەڵامی ئەم پرسیار و سەرسوڕمان و وەڵامە بێدەنگەی نێوان ئەرخەوان و دایکی، هەر لە بەشی پێش کۆتایی و کۆتاییدا خراونەتەڕوو. واتە، لە کۆتاییدا "**هەموو هونەرەکانی سیحر و پێشبینی و خوێندنەوەی ناولەپ و خوێندنەوەی بەخت و خوێندنەوەی غەیب و هەموو خوێندنەوەکانی دیکە**" (کاکەسوور و کاکەسوور، ٢٠١١: ٢٠٦) لەبەرچاوی سەنگەردا بەتاڵ دەبێتەوە و وەکو ئاماژەمان بۆکرد بینایی هەردوو چاویشی لەدەستدەدات.

**ئەنجامەکان**

1 . ڕۆمانی (سوارەکان بە قاچاخ بووکیان گواستەوە)، ئەگەرچی لەسەر چوار پێشخەری بنیاتنراوە، بەڵام زۆربەی زۆری ڕووداوەکان لە ڕێگەی بیرهاتنەوە و هاتنەپێشچاودا دەگێڕدرێنەوە. واتە، گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا لە هاتوچۆیەکی بەردەوامدایە لە نێوان رابردوو و ئێستا و داهاتوودا و کاروان و دوارۆژ لەم ڕووەوە لێهاتووییەکی بێوێنەیان نواندووە .

2 . هەر چوار پێشخەرییەکە، پێشخەری ناوەکین، واتە لەناو سنووری کاتی گێڕانەوەدا ڕوودەدەن .

3 . جگە لەم چوار پێخشەرییە، ژمارەی پێشبینی و پێشخەرییەکان لەم ڕۆمانەدا، بە بەراورد بە گەڕانەوەی هونەری زۆر کەمن .

4 . بۆ وەدیهاتنی پێشخەری دووەم و سێیەم و چوارەم، کاروان و دوارۆژ، هەندێ ڕووداوی لاوەکییان وەکو فێڵ بەکارهێناوە کە لەسەر بنەمای بەدحاڵیبوون دروستبوونە .

**سەرچاوەکان**


- کاکەسوور، کاروان عومەر و دوارۆژ کاروان کاکەسوور: ٢٠١١، سوارەکان بە قاچاخ بووکیان گواستەوە، چاپخانەی ڕۆشنبیر، هەولێر.
- الباتول، عرجون: ٢٠٠٩، شعرية المفارقات الزمنية في الرواية الصوفية – التجليات لجمال الغيطاني نموذجا، رسالة ماجستير، كلية الاداب و اللغات – جامعة حسيبة بن بوعلي بالشلف.
- بحراوي، حسن: ١٩٩٠، بنية الشكل الروائي (الفضاء – الزمن – الشخصية)، المركز الثقافي العربي، بيروت – الدار البيضاء.
- بلعابد، عبدالحق: ٢٠١٣، عنفوان الكتابة ترجمان القراءة (العتبات في المنجز الروائي العربي)، ط١، مؤسسة الانتشار العربي، بيروت.
- بن صفية، عبدالله: ٢٠١٣، الاستشراف في الرواية العربية – مقاربة سردية في نماذج نصية، رسالة ماجستير، كلية الاداب و اللغات – جامعة الحاج خضر – باتنة.
- بورنوف، رولان و ريال اوئيلية: ١٩٩١، عالم الرواية، ت.: نهاد التكرلي، ط١، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.
- جينيت، جيرار: ٢٠٠٠، خطاب الحكاية – بحث في المنهج، ت.: محمد معتصم و عبدالجليل الازدي و عمر حلي، ط٢، الهيئة العامة لشئون المطابع الاميرية، دون مكان الطبع.
- قاسم، سيزا: ١٩٨٥، بناء الرواية– دراسة مقارنة في ثلاثية نجيب محفوظ، ط١، دار التنوير للطباعة و النشر، بيروت – لبنان.
- المرزوقي، سمير و جميل شاكر: ١٩٨٦، مدخل الى نظرية القصة تحليلا و تطبيقا، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.

## ملخص البحث

دراستنا هذه، موسومة بـ (الاستباق كبناء للسرد – رواية (زف الفرسان العروس خفية) لـ (كاروان عومەر كاكەسوور و دوارۆذ كاروان كاكەسوور أنموذجا)، تتألف من فصلين.

يتناول الفصل الاول جانبا نظريا وفي محورين، مقدمة حول أهمية الزمن وأنواعها في الرواية. وبعدها تطرقنا الى الحديث عن (الأستباق) كتقنية من تقنيات المفارقة الزمنية، مستهلا بالتعريف واهميته، ثم أنواع الأستباق من حيث تحقيقه و عدم تحقيقه، بالأضافة الى أنواعه من حيث حدوثه في المسيرة السردية.

ويتناول الفصل الثاني، وفي محورين، نبذة مختصرة عن موضوع الرواية في المحور الأول. في حين يتناول المحور الثاني وبشكل مفصل تحديد مواضع الاستباقات و أسباب ورودها، ثم كيفية توظيفها و تحقيقها ضمن العملية السردية.

## Abstract

Our study is titled as (The prolepsis as a structure for narrative- The Novel of “ The knights hyped the bride secretly” for Karwan Omer Kakasur and Dwarozh Karwan Kakasur As a sample), and consists of two chapters.

The first chapter cover the theory required for the study, and contains two sections. The first section is an introduction about the importance of the time and its available kinds in the sample novel. The second section presents the prolepsis as one of the techniques of time paradox, including its definition and importance, the various prolepsis kinds weather it’s been achieved or not, and prolepsis kinds happened in narrative journey.

The second chapter presents a short summery about novel in its first section, while the second section, presents a detailed determining of the prolepsis positions and reasons behind their narrating, in addition to the modality of their placement and happening in narrative operation.